کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 20:08 24-6-2007

## کولتوور و ئافرەت ... کۆمەڵناس: ئەنوەر. س. مەسیفی

لە کۆمەڵگای کوردەواری زۆرجار گوێمان لی دەبێت کە دەڵێن ئافرەت نیوەی کۆمەڵە و دایکی نیوەکەی



تریشە و ئافرت خوشکمانە و هاوسەرمانە و خۆشەویستمانە، کەواتە دەبێت هەموومان ڕێزی لێ بگرین و مافەکانی پێشێل نەکەین. بەڵام بەداخەوە لەلای زۆربەی تاکی کورد ئەمانە تەنها قسەن و لەسەر ئەرزی واقیع هیچ مانایەکیان نیە، زۆر کەس باس لە ئازادی ئافرەت و کۆمەڵگای مەدەنی دەکات.... .... ... هتد.

بەڵام مافی نیوەی کۆمەڵ و دایك و خوشك و هاوسەری خۆی پێشێل دەکات لەوانەیە ئێوەش خوێنەری بەڕێز زۆر کەس بناسن کە باسی ئافرەت دەکات و خۆی بە پارێزەری مافی ئەوان بزانێت و کەسیش ڕۆژێك لەگەڵ هاوسەرەکەی نەی بینیبێت پیاسەیەك بکات. بەهۆی هەڵکەوتەی سروشتی کوردستان و داگیر کردنی لەلایەن داگیرکەرانی زۆر داب و نەریتی ئەو گەلانە تێکەڵی کولتور و داب و نەریتی کورد بوون بەدرێژایی مێژوو، کە بوە هۆی دەرکەوتنی زۆر دیاردەی ناشیرین و قێزەوەن یەکێك لەو دیاردانە کوشتنی ئافرەت لەسەر شەرەف کەوا دیاردەیەکی زۆر باوی کولتوری بیابان نشینی و خێڵەکی عەرەبە بەڵام بەداخەوە ئێستا لای ئێمەش بۆتە کولتورێك و ڕۆژانە گوێمان لی دەبێت کەوا تەرمی ئافرەتی کوژراو دەدۆزرێتەوە کە بە گولە یان بە ئازار و ئەشکەنجەدان گیانیان لە دەست داوە. لە کۆمەڵگای ئێمە زۆر جار ئافرەتی بی تاوان زۆر بەدڕندانە و دوور لە هەمو داب و نەریتێك دەکوژرێن لەوانەیە تەنها لەسەر ئەوەبێت یەکێك قسەیەکی بۆ دروست کردبێت و ئەم ئافرەتە بی تاوانە بی لێکۆڵینەوە لەلایەن هاوسەری یان باوکی یان برایەکی یان یەکێك لە خزمانی دەکوژرێت بەبی ئەوەی هیچ تاوانێکیشی کردبێت تەنها بە قسەی درۆی یەکێك، ئەم ئافرەتە بی تاوانە چارەنوسی بەم ئەنجامە دەگات.

زۆر جاریش کچ لەسەر ئەوەی کوڕێکی خۆش ویستوە کوشتویانە بەڵام هەر لەماڵی ئەوان زۆر ئاساییە ئەگەر کوڕەکەیان هەر ڕۆژە و پەیوەندی خۆشەویستی لەکەڵ کچێك هەبێت، بەبی ئەوەی بە کوڕە بڵێن لە پشتی چاوت دوو برۆ هەیە ڕەنگە لە زۆر کات و شوێن شانازی بکەن کە کوڕەکەیان پەیوەندی خۆشەویستی هەیە و بۆ کچەکەشیان بقەیە. ئەمە نەك تەنها لە کوردستان بەڵکو ئەو کوردانەی چەندان ساڵە لە ئەوروپا دەژین زۆر بەلایانەوە ئاسایی بو ئەگەر کوڕەکانیان هەر ڕۆژەو کچێکی بهێنابا ماڵەوە و لە گەڵی ڕایان بواردبایە بەڵام ئەگەر کچەکانیان پەیوەندییان لەگەڵ کوڕێکی ئەوڕوپی یان کورد هەبوایە دەیان کوشت لە ئەوڕوپاش چەندین کچی کورد بوونە قوربانی ئەو کولتورە و ئەم کارەش بوە مایەی شەرمەزاری کورد لەو وڵاتانە، باشترین نمونەش ئەم ڕوداوانەی سوید و هۆڵەندا و ئەڵمانیا لەم شوێنانە بەشێوەیەکی زەق ئەم دیاردەیە بەرچاو کەوتن ئاخۆ دەبێت چەندانی تر ببنە قوربانی و ئێمە نەمانزانی بێت، ئێستا لە سوێد وادەزانن کوشتن لەسەر شەرەف کولتورێکی کوردییە، ماوەیەك بەر لە ئێستا باسی پیاوێکیان بۆ کردم کە تا ئێستا ((12)) ئافرەتی لەسەر کوژراوە گوایە پەیوەندی خۆشەویستی یان سێکسی لەگەڵیان هەبووە کەچی ئەوەیش بە ئازادی دەسوڕێتەوە!!!.

لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە ئەگەر واش بێت ئافرەت پەیوەندی خۆشەویستی یان سێکسی هەبێت بۆچی تەنها ئافرەتەکە تاوانبار دەکرێت و دەکوژرێت خۆ ئەگەر ئەمە تاوان بێت ئەوا پیاوەکەش وەك ئافرەتەکە تاوانبارە هەردووکیان سێکسیان لەگەڵ یەکتر کردوە. بەڵام بەداخەوە تەنها ئافرەت

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دەکوژرێت و تاوانبار دەکرێت وەك لەسەرەوە باسم کرد زۆر جار ئافرەتی لە گوڵ پاکتر دەبنە قوربانی ئەم کولتورە دواکەوتوەی ئێمە. بۆیە دەبێت دام و دەزگاکانی حکومەتی کوردستان زیاتر ڕۆڵی خۆیان ببینن ئەگەر کەسێك تاوانێکی وای ئەنجام دا بەند بکرێت و سزا بدرێت جا ئەو کەسە هاوسەری ئەو ئافرەتە بێت یان باوکی یان برای بێت

پەرلەمانی کوردستان ئەم یاسایەی حکومەتی عێراقی هەڵوەشاندەوە کە هەر کەسێك لەسەر شەرەف کچ یان ئافرەت بکوژێت ئازاد دەکرێت یاخود سزایەکەی سوك دەکرێت و بڕیاری دا کە ئەم یاسایە کاری پی نەکرێت و هەر کەسێك لەسەر تاوانێکی لەم شێوەیە بگیرێت ئەوا وەکو کەسێکی تاوانبار بەکوشتن مامەڵەی یاسایی لەگەڵ دەکرێت بۆیە داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەم کە ئەم یاسایەی کە دەری کردوە کاری پی بکات و ئەکتیڤی بکات و ئێمەش دەبێت بەهەمومان هەوڵ بدەین ئەم دیاردە نامۆیە بە کورد بنبڕ بکەین بۆ دروست کردنی کۆمەڵگایەکی یەکسان و پاك و میهرەبان و دورکەوینەوە لە کولتوری کوشتن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.